*NAVEND -*
*Zentrum für Kurdische Studien e.V.*
*Navend ji bo Lêkolînên Kurdî*
*Center for Kurdish Studies*
*Centre des Etudes Kurdes*

*ناڤەند – ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی*

*Bornheimer Str. 20-22*
*D-53111 Bonn*
*Tel.: +(0) 228/65 29 00*
*Fax: +(0) 228/65 29 09*
*Postanschrift*
*Postfach 74 45*
*D-53074 Bonn*
*e-mail: info@navend.de*
*Internet: www.navend.de*
*Bankverbindung:*
*Sparkasse Bonn*
*(BLZ 380 500 00)*
*NAVEND e.V.*
*Konto-Nr.: 310 206 13*

**بۆ رۆژنامەو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە**

**بۆن لە ٢٠٠٤/٥/٢٥**

# بانگهێشتن بۆ کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانی

**لە رۆژی ٢٧ ی ئایاری ٢٠٠٤ سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەرێز د. کەمال فوئاد، لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالین ەوە ، بەرێز ئولریش شمیدت پێشوازی لێ دەکرێت.**

**هەر لە رابردووشدا (پاش دووەم جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩٢) هەرێمی نۆردراین ڤێستفالین ، بە تایبەت لە کاتی دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆی ئەو دەمەی هەرێم، بەرێز هیربەرت شنوورەوە، لە دووبارە بنیاتنانەوەی هەرێمی پارێزراوی باکوری عێراقدا لە چەندین پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەدا بەشدار بوو.**

**لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستانی عێراق و دەوڵەتی عێراقدا گەلێ دەرفەتی هەمەچەشنە هاتوونەتە ئاراوە بۆ هاوکاری کردن و دامەزراندنی پەیوەندی. بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی عێراق لە کوردستانی عێراقدا ئارامیی ناوچەکە سەقامگیرە.**

**بەبۆنەی سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەرێز د. کەمال فوئاد، بانگتان دەکەین بۆ گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی سەبارەت بە گۆڕانەکانی ئەم دواییەی کوردستانی عێراق.**

**لەم کۆنفرەنسەدا سەرەرای بەرێز د. کەمال فوئاد، بەرێزان: فەلەکەددین کاکەیی، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق و مەتین ئینجەسۆی سەرۆکی ناڤەند – ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی بەشداری ئەم کۆنفرەنسە دەکەن.**

**کات وشوێنی کۆڕەکە:**

**پێنج شەممە ٢٠٠٤/٥/٢٧، کاتژمێر ١٣،٣٠**

**Landtag Nordrhein-Westfalen, Raum E1 D10**